# گێلاسێ پرسیارو سێبەری تابووتـــــــــــــــ

شیعری؛ حەمەشوان شەریف

1)

ئاخۆ ئێستا لەناو هەگبــەی
کام خەمی پشکوتوی پایزی گریاناویدا
خۆت حەشارداوەو ونبوویت؟!

ئاخۆ ئێستا چاوانت لەگەڵ چاوی چ فرمێسکێکتا
قەتارەی ڕێی ڕووتن ؟
ئەم ئێستاکە پرچەکانت
بۆکام چاوی عاشق دەرگای لەسەر پشتە؟
بای سۆزی من...نەشمیلانە
بەم ئێوارە وەختە بۆچی ون بویت،
بۆبێشوێن پێیت، !؟
دەخیلم تەنیاترین برینم
ئەی بـــــــــــــای هاوڕێم
دەستان بخەنەکەمەرەی بازنەی باریکی لاشەم
بمبەن....بمکەن بەشەماڵێ تا بەناوگەرویا شۆڕببمەوەو
تێکەڵ بەهەناسەی گەرمیببم.
کچـــــــــــــــــــــێ...
چۆن( بـــــا) بەلوت بۆنی پرچی پایزی زەرد هەڵدەمژێ
چۆن چاوی بـــــاو چاوی پـــایز دەگرین بۆدابڕان
منیش ئاوا لەچاوانت خۆم دەبینم
خۆبای ساردیش هەڵدەکا و تورەدەبێ،
لەکاتی گریانی گەڵادا
فرمێسکی چاوی گەڵا دەکاتە چلووروەو
لەتوانەوەیدا دەیکاتە ئاوێنەی هەزار پرژ
کەچی پایز لێیدەبورێ....!

ئــــــــــــــێ کچی مەملەکەتی نوقوڵ
من پایزم بوراوم لێت
هەروەک جاران بمخەجانتای شەماڵی دڵتەوە
لێت دەبوورم ..چۆن واونبوویت ؟!.،

لەئاوێنەک ەوە خۆم دەبینم
ئەم ئێوارە
زۆرپیربووم
کچـــــــــــــــــێ....
زۆردەترسێم بۆسبەینێ کەبتبینم
پرسیارەکان
لەمنەوە ببنەوەڵام..... 1992سلێمانی

## 2 ) سێبەری تابووت

ئەم شەو..
لێرە تاریکی یە
هەرنامۆیەک لێرە چاوی هەڵبێنێ
ژانی بێکەسی دەیکوژێ.
بەتەنیام ...
چام پڕکانیلەی فرمێسکە
سنگی سروشتی شەقامێک
بەجێم دێڵێ و بەجێیدێڵم
ئەم شەو..
لەم شەو تاریک ترم.
گیانم سێبەری تابوتێکە
بەقەد باڵام
هەرخۆمم ئەوینێکی ڕزیو
هاکا ..بەڕووی بێدەنگیما تەقیمەوە.
ئەم شەو...
باڵای حەزم هەراسانە
هەراسان وەک جەنجاڵی با و ڕەنگینە با
ئەو گیرۆدەی دارستانی برینێکە
منیش دەفی ناودەستێکم
سەما باڵای داپۆشیوم،
گەورەم بەقەد باڵای زەمەنی خەم
گەورەیت بەقەد باڵاو قاقایی پێکەنینێک،

بەڵام ئەفسووس....

چەند گەورەبم... چەند گەورەبیت

سایەی تابووت داتدەپۆشێ،

دامدەپۆشێ،

وەکوو لمی ژێر باڵی ئاو

دڵتەنگ مەبەئاسایی یە

زۆرئێوارە

تابووت پاشای مەملەکەتە

تابووت پاشای مەملەکەتە....                1989سلێمانی